# جەمال فەتاح یان ڤایروز فەتاح؟؟؟... کونجرینی



من لەساڵی ١٩٦٠ لەسلێمانی لەدایك بووم، باوك و دایکم خەڵکی گوندی کونجرینن، کونجرین گوندێکی چەند ماڵەی پچوکە، نزیك بە (٧٠) ساڵ زیاترە خەڵکی ئەم گوندە بەرەو شار کەوتونەتە ڕێ و لەسلێمانی جێگیر بوون. هۆی زۆربەی جێگۆڕگێکە، هەوڵدانێك بووە بۆژیانێکی باشتر. من نەنوسەرم، نەشاعیرم، نە ڕۆشنبیرێکی ڕەهام، بەڵام هەوڵ و هیواکانم بۆ گەیشتن، بەدەروازەی خانەی نوسەران و ڕۆشنبیرانە، ئەوە بۆ زیاتر لە ٢٠ساڵە هەوڵ ئەدەم و خۆم خەریك ئەکەم بنوسم، بەڵام زاتم نەکردووە بڵاویشیان بکەمەوە، ئەوەبۆ چەند ساڵێکی کەمە، ترسی ڕەخنەو توانج، بەرۆکی بەرداوم و دەنوسم، لەسەرەتای نوسینەدام، هیوا دەخوازم بگەمە بەرسێبەری نوسەرە گەورەکانی کورد. من تەمەنێکی زۆرم خستۆتە خزمەت:پێشمەرگایەتی و زیندان و ڕێکخستن وەبۆ ساتەوەختێکیش کرنۆشبەری بەردەرگای هیچ داگیرکەرێك نەبووم.

ئەم نوسینەی سەرەوەم، پاکانە نییە بۆ خۆم، بەڵام ئەمە وەك وانەیەکە بۆ هەندێك کەس، چەند نوسینێکیان هەیە، بەبێ ئەوەی نوسینەکانیان، لەنوسینێك بچێت، بکرێنە خانەی نوسینەوە، کەچی خۆشیان لەتەك هیچ نوسەرو ڕۆشنبیرێکدا ناگۆڕنەوە.

زۆر خەڵك کەخاوەن بیروباوەڕێك بوون، وەگۆڕانکاریەکی بەرچاو، لەبیروهۆشیاریشیاندا ڕوویدات، سور بزانن، ئەو بیرباوەڕەی کەلەسەریین ناگونجێت، لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی بیروو بۆچونیشیادا وازی لێ ناهێنن، ئەگەر کۆمەڵێك ڕێزوو ڕەوشت و چواردەوریش لەدەست بدەن. هۆیی سەرەکی ئەم واز لێ نەهێنانە، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی نەخۆشی دەرونی لەو خەڵکانەدا

حزبی شوعی عێراق. لەماوەی شەست ساڵی ڕابردوویدا، لەعێراقدا، بە بەشە کوردستانیەکەیشیەوە، توانی بۆ ماوەیەکی باش، تاکە حزب بێت لە عێراق دا، بەڵام چونکە ئەو هەموو کەسەی، دوایی کەوتبوون، لەسەربنەمایەکی پتەو ڕێکنەخرابوو، هەروەها، ڕەوشی نالەباری سیاسی وبەهۆی هەڵە زۆرەکانی ئەم پارتەوە، سەرئەنجام ئەم پارتە، لە چوارگێر دراو بەو شێوەی ئێستا پچوك بووەوە. من زۆرم پێ سەیرە زۆر خەڵکی ڕۆشنبیر دەبینم کەلەمەو پێش لەناو حزبی شوعیدا، دەوری باشیان هەبووەو یەکێك بوون لەوانەی کەدەکرا ئەندامەکانی حزبی شوعی جلەوی پارتەکەیانیان پێ بسپێرن و باوەڕی تەواویان بەهەڵسانەوەو گەشەسەندنی پارتەکەیان لەسەردەستی ئەو کەسانە ببێت، کەچی دنیای تەماوی و تەماع هەڵیخڵەتاندن. دەبوایە تەنها بۆ گێرێك بێنەدواوە، لەگەڵ ڕەوشە نوێ یەکەدا بڕۆن و بگونجێن کەچی ١٠گێر هاتنە دواوە، بۆ هەموو گێرێك دەیان پرسیاروو ڕامان قوت دەبنەوە. لەدوایی ڕاپەڕینەوە شوعیەکانی کوردستان، زۆرخراپتر لە یەکێتی سۆڤیەت دارمان و وەختێك خۆیان بینیەوە، لەباوەشی ئەو ڕێبازەن، کەدەیا ساڵە دژایەتی دەکەن بە

ئایدۆلۆژی و بە سیاسەت و بەخوێن، دەکرا هەوڵیان بدایە، لەناوڕێکخراوێکی گونجاو، بەپێی گۆڕانکاریەکانی جیهان کاریان بکردایە، ئێستا بونەتە جلەوگیری پارتێکی نەگونجاو بەبیرو هزری ئەوان. ئەوانەی کۆنیش کە پارتیا لەدەیان کارەسات و محنەتی ڕزگار کردووە، ڕۆژبەڕۆژ پلەو پایەیان لێ ئەسێنرێتەوەو، لەنزمترین شوێنی دەسەڵات کاریان پێ ئەسپێردرێت.

هەندێك ئەندامی کۆنی پارتی هەتا ئێستا بەخەونی هەمان سرودەوە سەرئەنێنە سەرسەرین، (پێشڕەوی کورد پارتیە سەرۆکمان بارزانیە) ئەم سرودە بانگەشەیە بۆ حزبی تاکڕەوو حزبی دیکتاتۆر. ئەو کەسانەی هەڵگری ئەم دروشمەن و بەبای ئەوبۆچونەوە، شەنی خەرمانیان دەکەن، ئەوانەی دژایەتی پێشکەوتن دەکەن، وەك کەسێکی نەخۆش و بێ تواناو، خۆپەرستن. هەرڕێکخراوێك هەنگاو نەنێت بۆ پێشەوەو ڕێگریش بێت لەبەردەم پێشکەوتندا. ئەوڕێکخراوە چەمکەکانی: نیشتمانی و نەتەوایەتی ئەپسێنێت بەرداشی ئاشی دەسەڵاتی خۆی بەخوێنی گەل ئەگێڕێت. پارتی هێزێکە بۆ مانەوەی خۆیی ترس وتۆقاندن پیادە دەکات، پچوکترین نمونەش، لەکوردستان پێشکەوتن نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی لێبوردن ببێتە شێوەیەك لەفاکتۆرە بنچینەییەکان، هیچ هۆزێك نەماوە لەبادینان سەرۆك هۆزەکەی نەکوژرابێت، زیندانی نەکرابێت، یا ڕاونەنرابێت، تەنها لەبەر ئەوەی کڕنوشبەرو هەڵگری پەیامی ئەوان نیە.

کاك جەمال فەتاح، بەهەژماری خۆیی هەم پارتیە و هەم ڕۆشنبیرو نوسەرە. دەنوسێت / لەبڕگەیەکدا باست لەوەکردوە کەمن بەدەهۆڵی پارتی هەڵئەپەڕم پارتی ڕێبازی دەیان ساڵەی من و هەزاران شەهیدە وە ڕێبازی مستەفا بارزانی نەمرە کەمن شانازی پێوە دەکەم فەڕاشی ئەو ڕێبازە بم چونکە ڕێبازی شەهیدانی کوردستانە،

ئەگەر بۆسەروەختی شۆڕشی ئەیلول بگەڕێینەوە، دەتوانرێت ڕەخنە لە دروست بوون ڕێبازوو پێکهاتەی پارتی، تا سنورێك نەگرین. بەڵام (حزبی سیاسی و خەڵکی سیاسی، ئەگەر نەگۆڕا، دەدۆڕێت) . پارتی لەوەتەی هەیەو بەئێستاشەوە، من پرسیار لەکاك جەمال دەکەم، چ گۆڕانکاریەکی بەخۆیەوە بینیوە؟؟؟؟؟ کاك جەمال بە هەمان بالۆرەی، قسەکانی تەحسین شاوەیسی جاش کەلەگەڵ، ڕاگەیاندنەکانی پارتی دا کردبووی، کاسیەتەکەی دەست خەڵك کەوت بوو، دەڵێت، پارتی ڕێبازی چەندین ساڵەی من و هەزاران شەهیدە. ئەگەر ڕێبازێك بەخوێنی کورد، پارێزراوبێت؟بەڵام لەناوەرۆکدا گەل فرۆش و گەمەی تیا بێت. گەر هێزێك، تەمەنی مانی لەسەر خوێنی خەڵکی شۆڕشگێڕو ڕەبۆتی دەستی ئەم داگیرکەرو ئەو داگیرکەربێت. ئەگەر سەرکردایەتیەکەی لە١٩٧٥ تا ١٩٨٧ بۆچەند ڕۆژێك سەری لەکوردستان دابێت و بەگرمەی چەند فڕۆکەیەك کە بەئاسمانی ئەو شوێنەی ئەودا فڕیبن، هەڵبێتەوە ئێران. گەر ڕێبازێك پابەندی گۆڕانکاریەکانی گەل نەبێت و ڕێگربێت لەگەڵ سیاسەتی سەردەمدا. گەر ڕێبازێك شێوەکەی، دێوجامەبێت بۆ بنەی گەل. دەك پیرۆزی خەڵکی وەك کاك جەمال فەتاح بێ.

کاك جەمال دەڵێت/لەبڕگەی کۆتاییدا باسی پۆڵاسەعید بۆمن ئەکەیت کە لەچی بنەماڵەو حاڵێکە ئاغای کونجرینی ئەوە کێشەی من نیە ڕابردووی تۆو پۆڵاو هاودەوریەکانتان چیەو چیبوو؟

کاك جەمال، بەم نوسینەی هەموو ووشە پەنهانەکانی ڕابردووی خۆیی ئاشکرا کردوەو، خۆیی بەڕاشکاوانە ئەدوێنێت و پێمان دەڵێت، لەڕابردوودا چی بوەو، چی کردوە. یەکێك بنەمای کاری ڕەسەن نەبێت، یەکێك بەقۆناغە سەروەریەکاندا تێنەپەڕی بێت، وەپاشڵیشی

پیس بێت، لەخانەی شۆڕشگێڕیدا لەقەڵەم نادرێت و، هەرهێندەی كاك جەمال باكی بەڕابردووی خەڵكانی شۆڕشگێر دەبێت. هەر پارتێك یا ڕێكخراوو گروپێك، هەر خانویەك كاروكردەوەیێك و كارێك، لەسەر بنەمایەكی پتەو ڕەسەن بنیاد نەنرێت، سەرئەنجامێكی باشی لێ ڕەچاو ناكرێت یا دواڕۆژێكی ڕونی نابێت و دەرمێت. كاك جەمال ڕابردووی من و كاك پۆلا، وەك خاڵێكی لاواز باس ئەكات و شتی نوێ و بابەتی سەردەم بەكاكڵەی كارەكان دەزانێت. بەلام نازانێت گەر ڕابردوو نەبێت نوێش بنیات نانرێت، نازانێت ئەگەر پارتەكەی ئەو ڕابردوویەكی زۆری نەبێت بەچاك و خراپ، ئێستا ئەو ژمارە زۆرەی كەئێستا هەیەتی لە خۆڕا ڕێكناخرێت، ئەگەر كاك جەمال لەم قسەیەی پەشیمان نەبێتەوە، ئەوكات بەبۆچونەكەی، پارتی ناوزەند دەكات، وەك هێزێكی بێ بنەماو بێ سەروەر. پێكهاتەی عەقڵی پارتیش هەرهێندەی لەبارادیە تەنها ڤایرۆسی وەكوكاك جەمال بەرهەم بهێنێت. هەربۆیەئەگەر كاك ڤایرۆس لەبۆچونەكانی خۆی پاشەكشەشنەكات ئەوابەك گراوندێكی حزبی بارگاوی كراو بەعەقڵی خێڵ وبەدەروێشی بنەماڵەی بەرزانی مەحكوم دەكرێت !!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!؟

كونجـــــــرینی
٠٨. فابریوەر. ٢٠٠٦
Kuncrini@yahoo. de